وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٢٩١٧ لە ٢٠٢٢/٢/٢

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێنانەکایەی هەردوو قەزای (عەنکاوە) و (پیرمام)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٢٦) برگە یەکەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤٣٧)لە ٢٠٢١/١٢/٢٣ و فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە (١٤٠) لە ٢٠٢٢/١/١٩ و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥٤٩) لە ٢٠٢١/١٢/١٣ و نووسراومان ژمارە (٢٤٢١٨) لە ٢٠٢١/١١/٢٩ و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٥٥٠٦) لە ٢٠٢١/١١/٢٨ و (٤٦٩٧) لە ٢٠٢١/١٠/١٧ ونووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٥٦١) لە ٢٠٢١/١٠/٢٦ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٧) و (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**عەنکاوە**) سەربە پارێزگای هەولێر بەپێی نەخشەی نووسراوەکانی سەرەوە.

**دووەم:** هێنانەکایەی قەزای (**پیرمام**) سەربە پارێزگای هەولێر بەپێی نەخشەی نووسراوەکانی سەرەوە.

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**